# لایەنی کارگێڕی لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵدا

**وەهاب حسیب محمد**

بەشی کارگێڕی کار، کولێژی کارگێڕی و سەرچاوەی سامانی سروشتی، زانکۆی چەرمۆ،چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ساڵی (١٩٢٢) چەمچەماڵ لە گوندەوە کراوە بە قەزا و بەشێک بوە لە پارێزگای "کەرکوک" تا ساڵی (١٩٤٧) هیچ ڕۆژنامەیەک لەو شارەدا دەرنەچوێنراوە، ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" یەکەم ڕۆژنامەیە لە مێژوی شارەکەدا و بە دەست و بە زمانی کوردی نوسراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لە (١/ تەموز/ ١٩٤٦) دەرچوە، کۆتا ژمارەشی لە ١٢ ئابی هەمانساڵ نوسراوەتەوە، ڕۆژنامەیەکی حەفتانە بوە، پاش ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" تا ساڵی (١٩٩١) هیچ ڕۆژنامەیەک لە شارەکەدا دەرنەچوێنراوە. هەمو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە تەنها یەک ژمارەی لەبەر نوسراوەتەوە، دواتر لە باخچەی گشتی شار هەڵواسراوە و بۆ دانیشتوانی شار خوێندراوەتەوە، بەڵام کاریگەری گەورە و بەردەوامی لەسەر لایەنی هونەری و ڕۆشنبیری شارەکە داناوە، تا دەمی ڕاپەڕین بزاوتی شانۆ و هونەر لە ماوەو کاتی جیاوازدا لە چەمچەماڵ بەردەوامی هەبوە. بابەتەکانی ڕۆژنامەکە هێزو سەرچاوەیەکی ڕۆحی بون بۆ زۆر کاری هونەری و تیپی شانۆ لە "چەمچەماڵ"دا لێرەوەش دەتوانین زرنگی و دوربینی "جێنشین" قائیمقامی ئەوکات ببینین و هەستی پێبکەین.

**کلیلە وشەکان:** چەمچەماڵ، ڕۆژنامەی دەستنوس، کارگێڕی و بزاڤی ڕۆشنبیری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

**Received:** 22-December -2021

**Accepted:** 13-February-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**
Wahab.hasib@charmouniversity.org

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

سەدەی بیست بۆ نەتەوەی كورد، سەدەی ژان و وەرچەرخان بو، ژانی گشت ئەو ئالەنگاری و ئاریشە جیاوازانەبو كە سالآنێكی زۆر لە هەناوی كۆمەڵگاكەدا گینگڵیان دەدا، چون لەو ساتەوە میر، پادشاو سەردارانی كورد لە تەك ئەستانەدا ڕێكەوتبون خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەو ماوەیە "كوردستان" دور و تەریك لە دنیا، پێشكەوتن و گۆڕانكارێكان دەیگوزەراند، چونكی سەردارو گەورە پیاوانی كورد نەیانتوانی گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە ژیانی میللەتەكەدا بەرپابكەن.

وەرچەرخانی گەورەش كرانەوە بو بەڕوی جیهاندا، لەڕێگای ئەو ڕۆشنفكرانەی كە زۆربەیان خوێندنی سەردەمیانەیان لە زانكۆكانی وڵاتی "توركیا" و وڵاتانی ئەوروپا خوێندبو، هاوكات چەكی دەستیان ڕێكخراو، قوتابخانە، چاپخانە، ڕۆژنامە و گۆڤار بو، چونكە ئەو منەوەرانە كاریگەری ڕۆشنفكرانی میللەتانی دیكەیان لە سەربوە بە تایبەت میللەتی تورك.

بە هۆی نزیكی"ئەستەمبوڵ" لە ئەوروپاوە توركەكان لە سەدەی هەژدەهەمەوە كەوتبونە ژێر كاریگەری ئەوروپا و دروشمەكانی، هاوكات پەیوەندی بازرگانی، ڕامیاری، ئابوری و ڕۆشنبیریان لەگەڵ ئەو كیشوەرەدا ڕێكخستبو، لەم نێوەندەدا كەوتبونە پێش "كورد، عەرەب و فارس"ەوە. بۆ نمونە سالآنی (١٨٣٦- ١٨٧٦) بە سەردەمی تەنزیمات لە مێژوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ناودەبرێت، یەكەم ڕۆژنامەی توركیش "تەقویمی وەقائیع" ساڵی (١٨٣٢) دەرچوێندراوە. لە سەردەمی توركە لاوەكان و دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات، دواتر كۆمەڵێك لاوی كورد لە بواری ڕۆشنبیریدا كاریان كردوە، خەبات و داواكاری میللەتەكەیان لە چەك و چۆڵەوە گواستۆتەوە بۆ گوتوبێژ و نوسین، ڕۆژنامە و ڕێكخراوەكانی ئەو سەردەمە گەواهیدەرن، بەنمونە ڕۆژنامەكانی "كوردستان، مەشروتیەت" ڕێكخراوەكانی جەمعیەتی " ئیتحادو تەرەقی و كوردستان تەعالی و عەزمی جەمعیەتی قەومی". توێژینەوەكە لە دو بەش پێكدێت، بەشی یەكەم مێژوی "چەمچەماڵ" و قەڵاكەی، هەروەها ڕۆژنامەی دەستنوس و بزاڤی ڕۆشنبیری لە شارەكەدا. بەشی دوەم تاوتوێی بابەتەكانی ڕۆژنامەكەیە لە تەك تیۆرو قوتابخانە كارگێڕێكاندا، سەرباری ئەو بابەتانەی لەو بوارە ئاوڕی لێدراوەتەوە، زرنگی و توانای جێنشینیش لە بوارەكەدا پیشاندراوە.

**یەكەم:كێشەی توێژینەوەكە:** كەمی توێژینەوە لەسەر نوسەر و بەرهەمەكانی، نەبونی توێژینەوە لەسەر لایەنی كارگێڕی ڕۆژنامەكە لە ڕابردودا، تەنانەت پێشتر چەند نوسینێك لەمەڕ ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" بەتایبەت و ڕۆژنامەكانیتر وەك "باسەرە، خورماڵ و ئاكری" كراون زیاتر پۆلینكردنی بابەتەكان و ئاوڕدانەوەن لە بوارەكانی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كە لە ڕۆژنامەكەدا باسكراون، دوری ماوەی نێوان نوسینی توێژینەوەكە و دەرچونی ڕۆژنامەكە، لەو نێوەندەدا بیروبۆچونە كارگێڕییەكان گۆڕانكاری زۆریان بەسەرداهاتوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

**دوەم: گرنگی توێژینەوەکە:** ئاوڕدانەوە لەلایەنی کارگێڕی ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" و ڕۆژنامەکانیتری وەک "باسەڕە، خورماڵ و ئاکری" وەک سەرەتایەک لەم بوارەدا، پیشاندانی گرنگی ڕۆژنامە "دیواربەند" لەناو کۆمەڵگایەکی پاشکەوتەی بەر لە سێ چارەکە سەدە لە باشوری کوردستاندا.

**سێیەم: سنوری توێژینەوەکە:** لایەنی تیۆری بریتییە لە ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" کە هەموی لە (٧) ژمارە پێکدێت، لەڕوی کاتەوە بریتییە لەو ماوەیەی ڕۆژنامەکەی تیادا نوسراوەتەوە، (٤) مانگە و مەودای جوگرافی بریتییە لە "چەمچەماڵ" و دەوروبەری، چونکە ڕۆژنامەکە بە تایبەت بۆ ئەو ناوچەیە نوسراوەتەوە، لایەنی پراکتیکی بریتییە لە تێگەیشتن و مامەڵەکردنی جێنوشین "قائیمقام"ی چەمچەماڵ بۆ کارگێڕی و شێوازی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێک لە کەرتی گشتییدا.

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە**: پیشاندانی سەلیقەی کارگێری جێنوشینی "چەمچەماڵ"ە لەو ڕۆژگارەدا، ڕاڤەکردنی بیروبۆچونەکانی بەتیۆری سەردەمیانەی کارگێری، لەپاڵ توانا و بەهرەکانیتری قائیمقام وەک شاعیر، نوسەر، وەرگێڕ و روناکبیر، هاوکات ڕۆڵی ڕۆژنامەکە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی چەمچەماڵ.

**پێنجەم میتۆدی توێژینەوەکە** میتۆدی توێژینەوەکە شیکاری وەسفیە، توێژەر لەڕێگای قوتابخانە و تیۆرە کارگێڕێکانەوە، کارەکانی جێنشینی هەڵسەنگاندوە و ڕاڤە کردوە، دەریخستوە قائیمقام بە سەلیقە و ئەزمونی پێشوی زۆر دروست ئامانجە کارگێڕێکانی پێکاوە و بەرژەوەندی گشتی ڕەچاوکردوە و بە دیهێناوە. چونکە کارگێڕی ئاوێنەی پاشکەوتن و پێشکەوتنی گشت دامەزراوە و دەزگایەکە، تەنانەت پێوەرێکە بۆ پاشکەوتن و پێشکەوتنی وڵاتان.

## توێژینەوەکانی ڕابردو

١. "شاکر فەتاح" و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، توێژینەوەیەکە مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی کارگێڕی لە زانکۆی سلێمانی، لەلایەن توێژەر "بەهادین ئەحمەد محەمەد"ەوە نوسراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک ساڵی٢٠٠٨.

توێژەر لە نوسینەکەیدا شیکاری بۆ ڕۆژنامەکانیتری وەک باسەڕە، "خورماڵ، چەمچەماڵ و ئاکرێ" کردوە، چونکە توێژینەوەکە بۆ بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی نوسراوە، توێژەر زیاتر گرنگی بە هەواڵەکان و پۆلێنکردنی هەواڵەکان لەسەر ئاستی دەرەوە، ناوخۆو بروسکە هەواڵ داوە، بە کورتی پەنجەی بۆ بابەتەکانیتری ناو ڕۆژنامە درێژکردوە، وەک پۆلێنکردنی بابەتەکان لەسەر بنەمای ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. بەگشتی تا ئێستا یەکەم هەوڵە کە خوێندنەوەی بۆ هەر چوار ڕۆژنامەکانی "شاکر فەتاح" کردبێت.

٢. "شاکر فەتاح" چرای ڕۆژنامەگەری چەمچەماڵ، وتار و لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێک نوسەر، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ، چاپی یەکەم ٢٠١٣.

کۆمەڵێک نوسەر لە ساڵیادی نوسینی دیواربەندی "چەمچەماڵ" بەکۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە یادەکەیان ڕازاندبۆوە، دواتر بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیری و هونەری لە "چەمچەماڵ" لە شێوەی کتێبێکدا چاپ و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

بڵاویانکردوەوە، وتار و لێکۆڵینەوەکان هەریەک و لە گۆشەنیگایەکەوە باسی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە و کەسایەتی شاکر فەتاحیان کردبو، بۆ نمونە ڕەخنەی کۆمەلایەتی کە پۆلبەندی هەواڵە ناوخۆو دەرەکیکانی کردوە و لە سەریان وەستاوە، لە وتارێکی دیکە نوسەرێک بیبلۆگرافیای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی قەزای "چەمچەماڵ"ی کردوە، هاوکات نوسەرێک لە دوتوێی بابەتێکدا باسی لایەنی کارگێڕی مامۆستا "شاکر فەتاح" لە "چەمچەماڵ" دەکات و ئەو ئاستەنگانە شیکار دەکات لە میانەی کارکردنیدا هاتونەتە بەردەم جێنوشینی "چەمچەماڵ" کۆی بابەتەکان زۆر کەلێن و دیوی نەدیوی ژیانی مامۆستا و ڕۆژنامەکەیان هەڵداوەتەوە و تاوتوێیان کردون.

## بەشی یەکەم: چەمچەماڵ لە مێژودا

### ١,١ چەمچەماڵ لە ڕۆژگاری ڕابردودا

لەسەردەمی "بابلی و ئاشوریێکان"دا "چەمچەماڵ" مەرکەزێکی کارگێڕی بوە، تاتە قورێکی بزماری تیادا دۆزراوەتەوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دو هەزارساڵ بەر لەزاین، هەروەها لە هێرشەکانی "ئاشور ناسر پاڵ"ی دوەم بۆ سەر ناوچەی زاموا "سلێمانی"دا ناوی هاتوە.

"حەمید مەتبەعی" لە کتێبەکەیدا گەشتەکەم بۆ باکوری عێراق دەنوسێت کاتێک چاوم بە قەڵای شار کەوت لە دڵی خۆمدا گوتم: یەکەم گەواهیدەرە چیرۆکی ئەو شارەمان بۆ بگێڕێتەوە، لە کاتی فەرمانڕەوای ئاشوریێکان کە بۆ سێ هەزارەی بەر لەزاین دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو قەڵایە بەرزترین لوتکە بوە بۆ چاودێری، دۆڵی "چەمچەماڵ"ی کردبو بە دو بەشەوە. هەروەها چەند ناوچەیەک لە دەوروبەری "چەمچەماڵ" لە ئەنجامی کنەو پشکنین تیاندا ئاماژەن بۆ هەبونی ژیان لەو ناوچەیە و لە مێژویەکی دوردا، بە نمونە "بەردە بەلەکە" لە دوری (٣) کیلۆمەتر لە باکوری خۆرهەلاتی "چەمچەماڵ" هەڵکەوتوە، "کەریم شایەر" ئاماژەیە بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤی "شانەدەر" لە ناوچەکەدا بەر لە دە هەزار ساڵ پێشزاین. "کەریم، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشور تا حکومەتی هەرێم، لاپەرە ١٦– ٢٧"

هەروەها گوندی "چەرمو" لەسەر ڕۆخی چەمێکی قوڵ بە دوری یازدە کیلۆمەتر لە "چەمچەماڵ"ەوە هەڵکەوتوە، مێژو دەلێت: یەکەم شوێنە لە جیهاندا کشتوکاڵی تیادا کرابێت. شوێنەواری گوندەکە لە نزیک گوندی "کانی سارد"ە لە ڕۆژهەلاتی قەزای "چەمچەماڵ".

"برەیددود" دەڵێ: دانیشتوانی چەرمو سەدو پەنجا کەس بون و پێکهاتەی بیست و پێنج خێزان بون، بۆ ماوەی (٤) سەدە بەردەوام ئاوەدان بوە، ئەو ئێسک و پروسکانەی دۆزراونەتەوە (٩٥%) ئێسقانی ئاژەڵی ماڵی بون، لە چینەکانی سەرەوەدا نۆک و نیسک دۆزراونەتەوە. "کەریم، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشور تا حکومەتی هەرێم، لاپەرە ٢٧– ٢٨"



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

## ٢,١ چەمچەماڵ لە ڕۆژگاری نوێدا

"فەرهاد عبدالعزیز" لە مێژوی شاری "چەمچەماڵ"دا دەنوسێت: لە سەرەتایی دروستبون و ئاوەدانکردنەوەیدا گوندێکی بچوک و ئاسایی بوە، دواتر بە هێواشی و لەسەرخۆ گەورەە بوە. پاش گەڕانەوەی عوسمانێکان بۆ ناوچەکە بڕیانداوە بیکەن بە ناوەندێکی کارگێڕی، لە پێناو قەرەباڵغی و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدا بڕیانداوە لە دەوروبەری "چەمچەماڵ"ەوە ماڵی بۆ بهێنن، بەڵام هەبونی قەڵایەکی مێژوی کۆن لە ناوجەرگەی شارەکەدا گەواهیدەرێکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر دێرینی تەمەنی شارەکە، هەڵکەوتە جوگرافیەکەیشی گرنگیەکی بازرگانی پێداوە، سەرباری دارستانی چڕو و دەشتێکی تەختایی کە هۆکاری ئاوەدانی دەڤەرەکە بوە، بەتێپەڕبونی کات گوندەکە فراوانبوە، ساڵی (١٨٦٧) ژمارەی ماڵەکانی لە سی ماڵ زیاتربوە. "عبدالعزیز، شاری چەمچەماڵ، لاپەڕە ٣٢- ٣٩ "

"سەروەر ئەحمەد" ڕای جیاوازە، ئەو دەنوسێت: بەر لەهەمەوەندەکان "چەمچەماڵ" ئاوەداننەبوە، ناونەهێنانی "چەمچەماڵ" و باسکردنی قەڵاکە لە بیرەوەرییەکانی "کلۆدویس جەیمس ڕیچ" دەکات بە بەڵگە، هەروەها لە درێژەی بۆچونەکەیدا دەڵێت: پاشئەوەی هەمەوەندەکان لە ناوچەی "هەنگەژاڵ"ەوە ڕودەکەنە "بازیان" و تیایدا نیشتەجێ دەبن، دواتر کوێخا ڕەسوڵ ناسراو بە "ڕەسوڵ چەڵەوی" قەڵای "چەمچەماڵ" و گوندی "قودرەتە"ی کردوە بە هەواری خۆی کە پێشتر ئاوەدان نەبون. "کەریم، چەمچەماڵ لە مەملەکەتی ئاشور تا حکومەتی هەرێم، لاپەڕە ٥٦- ٦٠"

بەڕای توێژەر هەڵکەوتەی جوگرافی "چەمچەماڵ"ی کردوە بە سەرەڕێگا، کەش و هەوای لەبار، ئەو ڕوداوانەی لە ڕابردودا ڕویانداوە بەنمونە جەنگی "ئەسەنکەندەری مەکدۆنی" و پاشای فارس "داریوش" هۆکاربون ناوچەی "چەمچەماڵ" بەردەوام ئاوەدانی تیادا بوە، بەڵام مەرج نییە شوێنی ئاوەدانی لە جێگای ئێستادا بوبێت، دەشێت دەوروبەری شار بوبێت، ناوی شارەکە "چەم و ماڵ" و هێنانی خەڵک لە دەوروبەری "چەمچەماڵ"ەوە دەکرێت وەک پاساو بهێنرێنەوە بۆ پشتگیری ئەم بۆچونە.

لە ئێستادا ڕوبەری قەزای "چەمچەماڵ" ٢٣٧٦کم٢یە، تا ساڵی (١٩٧٦) لەڕوی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای "کەرکوک" بوە، پاشان خراوەتە سەرپارێزگای "سلێمانی" و ئێستا سەر بەو پارێزگایەیە، سنوری کارگێڕی قەزاکە بێجگە لە ناوەندی قەزا سنوری ئەم ناحیانە دەگرێتەوە "شۆڕش، قادرکەرەم، سەنگاو، تەکیەی کاکەمەند، ئاغجەلەر، شوانو قەرەهەنجیر"ە ژمارەی دانیشتوانی (٤٢٨٢٥) کەسە، (١) زانکۆ، (٢) پەیمانگاو چەندین بەڕێوەبەرێتی و فەرمانگەی حکومی تیادایە وەک بەڕێوەبەرێتی پەروەردە و نوسینگەی پاسپۆرت.

## ٣,١ مێژوی قەڵای چەمچەماڵ

سەبارەت بە مێژوی قەڵاکە "فەرهاد عبدالعزیز" دەنوسێت: قەڵای "سپی حەسار قەڵای چەمچەماڵ" لە ناوجەرگەی شاری "چەمچەماڵ" هەڵکەوتوە، مێژوی بونیادنانی زۆر کۆنە، بەڵام بە هۆی کنەو پشکنین بەتایبەت لە چینەکانی خوارەودا بە شێوەیەکی زانستیانە تا ئێستا نەتوانراوە مێژوی بونیادنانی دیاریبکرێت، "کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ"


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

بۆ یەک شەو ڕێی کەوتۆتە "چەمچەماڵ" و تیایدا ماوەتەوە، لە میانەی کنەو پشکنینێکی سەرپێیانەدا توانیویتی چەندین لەتەگۆزە و دیزە بدۆزێتەوە. لە درێژەی باسەکەیدا لەسەر قەڵای چەمچەماڵ "فەرهاد عبدالعزیز" دەنوسێت: بەشێکێتر لە مێژونوسان، گەڕیدە و نوسەران ڕایان جیاوازە، هەندێک لەوان مێژوەکەیان بە چاخی "جەمدەت نەسر" (٣٢٠٠- ٣٠٠٠ ) ساڵ بەر لە زاین داناوە. هەندێکیتریان مێژوەکەی بۆ دورتر دەگەڕێننەوە بینا لەسەر ئەو قەڵا وشورایانەی "ئاشوریێکان" لە ناوچەکەدا دروستیانکردوە، قەڵای "چەمچەماڵ" یەکێک بوە لەوانە. بەڕای توێژەر مێژوی بونیادنانی قەڵاکە بۆ بەر لە سەردەمی "ساسانێکان" دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر کێومالّی ناوچەکە بکەین لە ناوچەکانی "سەنگاو و ئاغجەلەر" شوراو قەڵای هاوشێوەی قەڵاکە لە ناوچەکەدا دەبینین، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچونەکەم "عبدالله نوری" لە بیرەوەریێکانیدا دەنوسێت "ئاغجەلەر" دەچێتەوە سەردەمی ساسانێکان، بەڵگەش قەڵاو ئاسەوارە کۆنەکانی ناوچەکەن و تا ئێستاش ماون. "صالح، بیرەوەریێکانم لە نێوان بیستن وبینیندا، لاپەڕە ٣"

## ٤,١ ئامانج لە دروستکردنی قەڵای "سپی حەسار" چەمچەماڵ

"کلۆدویس جەیمس ڕیچ" باوەڕی وایە قەڵای "چەمچەماڵ" گردێکی بەرزی تورەکە ڕێژە، هەروەها "توفیق وەهبی" سەبارەت بە قەڵا و شوراکانی کوردستان بەگشتی، قەڵاو شوراکانی ڕێگای دەربەندی بازیان "دەربەندە ڕوتە" بە تایبەتی دەنوسێت: لەلایەن دەسەلاتدارەکانی ناوەڕاست و باشوری کوردستانەوە دروستکراون بە مەبەستی دابینکردنی هاتوچۆ لە نێوان باشور و ناوەڕاست لە لایەک و باکور لە لایەکیترەوە، چونکە هەڵکەوتی شوێنەکە بەرانبەر "دەربەندی بازیان" بوە، هەروەها قەڵاکە بنکەیەکی گرنگیش بوە بۆ سەپاندنی باج بەسەر کاروانچیان و هامۆشۆکەرانی سەر ڕێگاکە، هەروەها لە درێژەی نوسینەکەیدا دەنوسێت: لەبەرەبەیانی مێژووەوە "لۆبێکان، مادەکان" و کوردەکانی ناوچەی سلێمانی قەڵاو دیواریان بە مەبەستی پاراستنی خۆیان بونیادناوە، تا ئەمرۆش دەکرێت پاشماوەی هەندێکیان ببینین، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردبو ئەو حکومەت و هۆزانە پاسەوانیان بەسەر قەڵا و شوراکانەوە دانابو. "وهبی، الأثار کامله، جزء الأول، لاپەڕە٢٠٠ "

ساڵی (١٨٣٠) بە دواوە عوسمانێکان بە مەبەستی ئاسانکردنی هاتوچۆ و جموجوڵی سەربازی لە کوردستاندا چەندین ڕێگایان دروستکردوە کە بە ڕێگای "سوڵتان" ناسراون، بەدرێژایی ئەو ڕێگاوبانانە چەندین قولە و قەڵایان لێداوە یان ئاوەدانکردۆتەوە. ساڵی (١٨٥٠) بە دواوە بە تایبەت پاش ڕوخانی میرنشینی "بابان" و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی، عوسمانێکان گەرەکیان بوە "چەمچەماڵ" زیاتر ئاوەدانبکەنەوە، تاوەکو بتوانن پەناگایەک بۆ کاروانەکانیان بدۆزنەوە، هەروەها مەترسی جەردەو ڕێگرەکان لەسەر ئەم ڕێگایە دوربخەنەوە.

مامۆستا "محەمەد صابر مەلا محەمەد" سەبارەت بە بەرزی قەڵاکە لە بیروەوەریێکانیدا دەنوسێت: قەڵای "چەمچەماڵ" ناسراوە بە قەڵای "سپی حەسار" مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە و تورەکە ڕێژە، لە ناوەڕاستی ساڵانی چلەکان قەڵاکە زۆر لە ئێستا بەرزترو قوتربوە، لە کۆتایی پەنجاکاندا بۆ چالاکی هونەری لەلایەن حیزبی شیوعییەوە دەستکاری کراو بە شۆفل تەختکرا، پاشان لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە سەری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

قەڵاکە بو بە بنکەو سەنگەری سەربازی، ئەوانیش هەندێک دەستکاریانکرد، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لەکۆتایی چلەکاندا سەری قەڵاکە بیرێکی ئاوی تیادابو بە بەرد تا بنی چاڵەکە چنرابو "محمد، بیرەوەرێکانی ژیانم، لاپەڕە ٢٧٧"

هەروەها لەم بوارەدا "فەرهاد عبدالعزیز" دەنوسێت: لە سەدەمی عوسمانێکاندا لەسەر قەڵای "چەمچەماڵ" بنکەیەکی گەورەی سەربازی دروستکرابو، لە سەردەمی ئینگلیزدا قشڵەکە بە پاوە مابو، سەربازە بەریتانی و عێراقێکان سودیان لێوەرگرتوە و بەکاریانهێناوە، لە سەردەمی "قادر ڕەشید قادر" جێنوشینی "چەمچەماڵ" سالانی (١٩٤٥-١٩٤٤) دا قشڵەکە تێکدراوەو چاڵی سەر قەڵاکەی پێ پڕکراوەتەوە. "عبدالعزیز، شاری چەمچەماڵ، لاپەڕە ١٩"

لە سەردەمی حکومەتی بەعسیشدا هەمیشە وەک بنکەی سەربازی بەکارهاتوە، بەڵام لە دوای ڕاپەرینەوە تا ئێستا قەڵاکە بەفەرامۆشکراوی ماوەتەوە، ئەگەرچی ساڵی (٢٠١٢و٢٠١٣) فەرمانگەی شوێنەواری "سلێمانی" بە سەرپەرشتی "زوهیر ڕەجەب" و بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای شوێنەواری ئەڵمانی بە سەرپەرشتی "مارگرێت فان ناس" بۆ بەشی سەرەوەی قەڵاکە کنەو پشکنینان کردوە. "عبدالعزیز، شاری چەمچەماڵ، لاپەڕە ١٤- ٢١"

بەڕای توێژەر قەڵاکە وەک مەشخەڵێک هەمیشە بەشێک بوە لە ناسنامەی شاری "چەمچەماڵ" هاوکات وەک ئامرازێکی کارگێڕی "چاودێری" لە بواری ئاسایش، ئابوری و سەربازی سودی لێوەرگیراوە.

### ٥,١ مێژوی کارگێڕی گشتی

هەمو شارستانێکان بەشێوەیەک لەشێوەکان بەشداریان لە بەرەوپێشچونی کارگێڕیدا کردوە، بۆ نمونە "سۆمەرێکان" لە بواری نوسینەوە و بەڕێوەبردن، "میسرێکان" دابەشکردنی کارو سەرپەرشتیاری، "چینێکان" دابەشکردنی کار، پەیوەندی و سەر پەرشتیاری، "یۆنانێکان" دابەشکردنی کار، "ڕۆمانەکان" مەرکەزیەت "ناوەندێتی" لە دەسەڵاتدا، دانیشتوانی "ئیتالیا" دروستکردنی کۆمپانیا، کۆمپانیای هاوبەش و ژمێریاری.

لەڕۆژگاری ئەمرۆدا کارگێڕی گشتی لە هەناوی کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا سەریهەڵدا و ئامانجی دەستکەوتن و دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی، بونیادنانی ئابوری و جێبەجێکردنی پلانی حکومەت بوە لە ئەرزی واقیعدا، ڕاپۆرتێک لە ساڵی (١٨٨٧) دا "ودرۆ ویلسن" لە ژێر ناونیشانی توێژینەوەی بەڕێوەبردنی حکومی یادداشتیکرد دەستپێکی لێکۆڵینەوەیە لەو بابەتەدا، تا ئەورۆ نوسین، لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان بەردەوامن. بەڵام لق و پۆپی زۆری لێکەوتۆتەوە و فرەڕەهەندبوە. کارگێڕی گشتی جۆرێکە لە بەڕێوەبردن و بواری کارکردنی ڕێکخستنی کارەکانی حکومەتە، کارگێڕی گشتی لە قەبارەدا گەورەیە و پێکهاتەکەیشی ئاڵۆزە. "الصیرفی، إدارە الأعمال الحکومیە، لاپەڕە ٣، ٤"

بەراورد بە زانستەکانیتر کارگێڕی تەمەنی زۆر نییە، مێژونوسان و کۆڵیاران کۆڕان لەسەر ئەوەی کارگێڕی وەک زانست لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە دەرکەوتوە، بەڵام هەر زو کاریگەری لەسەر لایەنەکانی ژیان دەرخستوە. بە شێوەیەک لە ئێستادا کلیلی سەرکەوتنە وڵاتان و کۆمپانیاکانە، توێژینەوەکانیش لەو بوارە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

چاوەڕواننەکراو بێ پێشینەن، بە شێوەیەک دەگوترێت وڵاتی پێشکەوتو دواکەتو نییە، بەڵکو بەڕێوەبردنی کاراو پاشکەوتو لە گۆڕێدان. "العامری‌و الغالبی، الإداره و الأعمال، لاپەڕە ٣٦"

کارگێڕی گشتی بریتییە: لە کۆمەڵێک هۆکارو سیستم، پەیوەستە بە چالاکییەکی کارگێڕیەوە کە بەهیوای بە دیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگادا ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبات.

"مارشاڵ ئەدوارد و میرک دۆگلاس" دەنوسن: کارگێری گشتی بەشێکە لە زانستی بەڕێوەبردن، بەڵام چونکە پەیوەستە بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی سەروەری وڵات، بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی وچەسپاندنی قانونە، لە بەشەکانیتری بەڕێوەبردن جیادەکرێتەوە و ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە کۆمەڵگادا و پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە. "صالح، إداره العمال و التقنیه الذاتییه، لاپەڕە ٩٧، ٩٨"

## ٦,١ مێژوی کارگێڕی چەمچەماڵ

ساڵی (١٨٥١) عوسمانییەکان "چەمچەماڵیان" کرد بە "قەزا" و بەستیانەوە بە "سنجەقی "سلێمانی" میرزا "قادر فەقێ ڕەسوڵ" هەمەوەند دەستنیشانکرا بە جێنوشینی شار وەک یەکەم قائیمقام، پاشماوەیەک "هەمەوەند"ێکان میرزا قادریان لابردو "ڕشید قادر حیدر" هەمەوەندیان لە شوێنی دانا، بەڵام ئەمیش لە پۆستەکەیدا زۆر نەمایەوە، چونکە عوسمانییەکان قەزای "چەمچەماڵیان" فەرامۆشکردو کردیانەوە بە گوند. ساڵی (١٩٢٢) مێژوی پێکهێنانی حکومەتی عەرەبی عێراقە، لەو ساڵەدا "چەمچەماڵ" دوبارە کرایەوە بە قەزا و بەستیانەوە بە لیوای "کەرکوک" لە دەورانی حکومەتی مەلەکیدا و لە ساڵی (١٩٢٢) "محمد ئەمین ئاغای هەمەوەند" کرا بە یەکەم قائیمقامی چەمچەماڵ.

دەزگای جێنوشینی لەگەڵ پۆلیسخانە لە "قشڵە"دا پێکەوەبون لە نزیک ماڵی "حەسەن فەقیانە" قشڵەکە عوسمانیێکان دروستیانکردبو، ساڵی (١٩٣٧) لە سەردەمی "جلال صائب" بینای قائیمقامێتیان گواستەوە بۆ بینایەکی نوێ، دواتر بیناکە کرا بە دائیرەی "إنحصار" تا سالی (١٩٥٦) فەرمانگەی جێنوشینی لەو بینایەدابو، ساڵی (١٩٦٦) لە سەردەمی "صادق کەمونە و محەمەد سەعید مەحمود" گواسترایەوە بۆ "دار العداله" کە ژمارەیەک باڵەخانەی حکومی تیادا بو، ساڵی (١٩٨٠) لە سەردەمی "کامیل حەسەن کەڵەمێرد" بینای قائیمقامیەت گواسترایەوە بۆ بینایەکی نوێ هەتا ساڵی (١٩٩١) لە سەردەمی "عەلی عزیز عباس" دەزگای قائمقامیەت گواسترایەوە بۆ جێگای شارەوانی. "پیریادی، چەمچەماڵ لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا، لاپەڕە ٦٣"

## ٧,١ مێژوی بزاڤی ڕۆشنبیری لە چەمچەماڵ

هەوڵی کردنەوەی قوتابخانە لە ناوەندی قەزای "چەمچەماڵ" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان "عبدالحمید" بەناوی "عشائیرمەکتبلەری" بەڵام کارەکە دواکەوتوە بۆ سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا، بەکردنەوەی قوتابخانەی "چەمچەماڵ"ی کوڕان لە ساڵی (١٩٢٥) بزاڤی ڕۆشنبیری دەستیپێکردوە، قوتابخانەکە سەرەتا (٤) پۆلی بوە، پاش ساڵانێک بوە بە (٦) پۆلی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

ساڵی (١٩٢٨) بۆ یەکەمجار لە مێژوی قوتابخانەکەدا تیپی کەشافە دامەزراوە، ساڵی (١٩٣٠) لە سەردەمی جێنوشین "سالح زەکی بەگدا" بۆ یەکەمجار لە مێژوی ناوچەکە و "چەمچەماڵ" یادی نەورۆز کراوەتەوە، لەم کارەدا و بەم هەنگاوە پێش "سلێمانی و پیرەمێرد" کەوتون. هەروەها هەمانساڵ مەکتەبی ئومی شەوان لە چەمچەماڵ کراوەتەوە، یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیان بابەتێکی بۆ تەرخانکردوە، ژمارە"٢٤٢"ی ڕۆژی دوشەمە، هاوکاتی (٢/حوزەیرانی ١٩٣٠) لە سییەکاندا کار لەسەر ئەوە کراوە قوتابخانەی شەوانی "چەمچەماڵ" بکرێت بە بەشێک لە "یانەی سەرکەوتنی کوردان"

ساڵی (١٩٤٦) قوتابخانەی شەوی "چەمچەماڵ" بوە بە ناوەندێک خزمەتێکی یەکجار مەزنی پێشکەش بە قەزای "چەمچەماڵ" کردوە، قوتابخانەکە ناوەندێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوە بۆ ئەو کەسانەی تەمەنی خوێندنیان بە سەرچوە، هەمو شەوانی سێ شەموانێک ئاهەنگی گۆرانی ڕێکخستوە، هاوکات قوتابخانەکە دەستی هەبوە لە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژوی "چەمچەماڵ"دا کە بە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ناسراوە. "عبدالعزیز، شاری چەمچەماڵ، لاپەڕە٣٦٧- ٤٩٣"

لەوکاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ بزافی ڕۆشنبیری لە شارەکەدا بەردەوام بوە، لە ئێستادا (١) زانکۆ و (٢) پەیمانگا، پەیمانگای تەکنیکی و هونەرە جوانەکان، کتێبخانە و چەندین ڕێکخراو و ناوەندی فێربون و ڕۆشنبیری مەشخەڵی ڕۆشنبیرین لە شارەکەدا.

### ٨,١ مێژوی ڕۆژنامەی دەستنوس

لەو ساتەوەی ئادەمیزاد لەسەر ئەم هەسارەیە گیرساوەتەوە حەزی زانین و بە دواداچون لە ناخیدا چەکەرەی کردوە، وەختایەک کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیدابوە، دەماودەم کردنی هەواڵ بەشێک بوە لەژیانی ڕۆژانەی، بەو کارەش دڵی دانەکەوتوە، بەدوای هۆکارێکدا گەڕاوە بۆ پاراستنیان، لەم پێناوەدا چاپخانە و پێشتریش کاغەزی دروستکردوە .مێژونوسی جولەکە "فبلیفوس جۆزێف" دەنوسێت: سێ هەزارساڵ بەر لە دایکبونی "حەزرەتی مەسیح" "بابلێکان" داوایان لە مێژونوسان کردوە ڕوداوە گرنگەکانی ڕۆژ تۆماربکەن.

"فولتێر"یش دەنوسێت: دیار نییە لە ڕۆژگاری کۆندا چینێکان ڕۆژنامە و گۆڤاریان هەبوبێت، مێژو چۆنێتی دەماودەم کردنی ڕوداوەکانی ڕۆژی لە "ئەسینا" بۆ تۆمارنەکردوین، بەڵام لە گۆرەپانە گشتێکانی شارو لەو ڕۆژگارەدا، دەماودەم کردنی هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژ ئاڵوگۆڕی پێکراوە، لە ئیمپراتۆرێتی "ڕۆما"دا بۆ ماوەی چەندین سەدە پاسەوانەکانی پاپا سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بون، وەختایەک قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان فراوان بو، بیریان لە بڵاوکراوەیەک کردەوە کە ڕوداوەکانی ڕۆژی تیادا تۆماربکرێت. (٤) سەدە بەر لە زاین لە قەڵەمڕەوی ڕۆمەکاندا بڵاوکراوەیەک هاتۆتەبون دەکرێت هاوتای ڕۆژنامە بکرێت، بڵاوکراوەیەک بوە بە ناوی "Acta Diurna"واتە ڕوداوی ڕۆژانە، ئەرکی کۆیلەکان بوە بڵاوڤۆکەکە ژمارەی زۆری لەبەربگرنەوەو لەشوێنە گشتی و بازرگانێکاندا بڵاوبیکەنەوە، ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە پێکهاتوە لەهەواڵە گرنگەکانی جەنگ، ژنهێنان و ژینئاوایی، وادەی شانۆ و ڕوداوە وەرزشێکان، سەربارى ئەوکارانە لە شارەکاندا ڕادەستی ئەو کەسانە دەکرا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

توانای خوێندنەوەو نوسینیان هەبوە بەمشێوەیە دەگەیەنرا بە هەر چوار لای ئیمپراتۆریێتەکە، ڕوداوی ڕۆژانە ساڵی شەست بەر لە زاین تا ساڵی دو سەدو سی و پێنجی زاین نوسراوەو و بڵاوکراوەتەوە، کاتێک ئیمپراتۆریێتی "ڕۆمان"ی ئەستێرەی بەختی کوژایەوە و لەناوچو ڕۆژنامەکەش خۆری ئاوابو کۆتایی پێهات. "بوافان تأريخ الصحافة، لاپەڕە١٢"

## ٩,١ شاکر و فەتاح ڕۆژنامەی چەمچەماڵ

"شاکرفتاح" لە ساڵی (١٩١٤) لە سلێمانی لە دایکبوە، ساڵی (١٩٣٦) کۆلێژی حقوقی تەواوکردوە، لە (١/کانونی دوەم/١٩٣٨) بەڕێوەبەری ناحیەی "مزوری" بوە، لە ساڵی (١٩٤١) خولی ئەفسەرانی یەدەکی بینیوە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی هەمانساڵ لە "ڕەواندز" خزمەتی سەربازی تەواوکردوە، لە (١٩/شوبات/١٩٦٣) خانەنشینکراوە، لەو ماوەیەدا چەندین پلە و پۆستی کارگێڕی بەڕێوەبردوە لەوانە، بەڕێوەبەری ناحیە، قائیمقام، سەرۆکی شارەوانی"سلێمانی" و موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆ، ساڵی (١٩٧٠) جێگری سەرۆکی لقی یەکێتی نوسەرانی کوردبوە، ساڵی (١٩٧١) بوە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی (١٩٧٧) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان بوە، شەوی (١٨ لە سەر١٩/ئادار/ ١٩٨٨) دەستگیرکراوە، (٢٧/حوزەیران/١٩٨٨) لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی "هەولێر" لە سێدارەدراوە. تەرمەکەی ڕادەستی کەس و کاری نەکراوەتەوە و تا ئێستاش شوێنی گۆڕەکەی نادیارە.

## ١,١٠ ژیانی کارگێڕی و ڕۆشنبیری شاکیر فەتاح لە چەمچەماڵ

لە پێشەکیەکدا کە بۆ چاپی یەکەمی ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ"ی نوسیوە، بەمشێوەیە باسی خۆیی و چەمچەماڵ دەکات: لە ( ٢٨/ نیسان/ ١٩٤٦) لەسەر خواستی خۆم لەناوچەی ڕانیەوە گوێزرامەوە بۆ "چەمچەماڵ" لە باوکم بیستبو کە باپیرە گەورەم سەر بە تیرەی "سێتەبەسەر"ی هۆزی "هەمەوەندە، لەبەرئەوە هۆزی "هەمەوەند" هاتنی منیان پێ خۆشبو منیش دەمویست لە شوێنێکی بێ دەنگ و سەنگ و کەم گەڕو گێچەڵدا چەند مانگێک پشو بدەم و بحەسێمەوە، جێی داخە کە ڕۆژگار نەیهێشت لە ناوچەی "چەمچەماڵ"دا بمێنمەوە، نزیکەی (٤) مانگێک مامەوە، ناوچەکە زۆر پاشکەوتو بو ناحەزیشی زۆربون، لەبەرئەوە دەمویست زۆری تیادا بمێنمەوە و بەکەڵکی بێم، نزیکەی (٤) مانگێک مامەوە و گوێزرامەوە بۆ "هەڵەبجە".

لەوماوەیەدا توانیم خوێندگایەکی شەوی، لاسایکردنەوە "تمثیل" بە زمانی کوردی و گۆرانی کوردی ببوژێنمەوە، بە ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ"یش هەر فریاکەوتم (٧) ژمارەی لێدەربهێنم تائەندازەیەک دانیشتوانی ناوچەکە وریابکەمەوە. "فەتاح، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، لاپەرە١"

ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" یەکەم ژمارەی لە (١/تەموز/ ١٩٤٦) دەرچوە، کۆتا ژمارەشی لە ١٢ ئابی هەمانساڵ نوسراوەتەوە، کەواتە ڕۆژنامەکەی شاکر فەتاح حەفتانە بوە، هەروەها لە سەرەتای ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە شاکر فەتاح ئاماژەی بۆ کردوە و دەنوسێت: هەمو حەفتەیەک ڕۆژێ، دوشەموان، ڕۆژنامەکە دەردەهێنین و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

حەفتەی جارێکیش لەلایەن مامۆستاکانی "خوێندگای شەوی بۆتان دەخوێنرێتەوە، چونکە بەگوێرەی ڕێکخراوی یونسکۆ، ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتوکان، هەر ڕۆژنامەیەک حەفتەی (٤) جار دەربچێت ڕۆژنامەی ڕۆژانەی پێدەگوترێت. "سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە، لاپەڕە ١٤١"

لێرەدا پرسیارێک خۆیی قوتدەکاتەوە، بۆچی "شاکر فتاح" ڕۆژنامەکەی چاپنەکردوەو تەنها (١) دانەی نوسیوەتەوە، لە کاتێکدا مامۆستا و خوێندەواری لەدەوربون، بە نوسینەوەی بابەت و خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بۆ خەڵک هاوکاریان کردوە؟

بەراورد بە یەکەم ڕۆژنامەی دەستنوس کە ژمارەیەکی زۆری لەبەرگیراوەتەوە، بێگومان لایەنی دارایی و نەبونی پشتگیری هۆکاری ئەو کارەن، سەرباری بێسەوادی زۆرینەی خەڵک لەو ڕۆژگارە، چونکە لە کۆتاییدا دەبوە بارگرانی بەسەر خاوەنەکەیەوە، هاوکات ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" ڕۆژنامەیەکی خۆماڵی بوە لە سنورێکی بچوکدا سەرنج و تێبینێکانی ڕۆژانەی تیادا یادداشت کراوە. هەروەها لەو ڕۆژگارەدا لە شارەکانی "سلێمانی و کەرکوک" چاپخانە هەبون، یەکەم چاپخانە لە "کەرکوک" لە ساڵی (١٨٨١) دامەزراوە، هەروەها یەکەم چاپخانەی سلێمانی ساڵی (١٩١٩) دامەزراوە. "جەباری، سەرەتایەک بۆ مێژوی ئامێری چاپ، لاپەڕە ٦٥ـ ٧١"

## ژیانی ڕۆشنبیری شاكر فەتاح

ساڵی (١٩٢٣) لە "بەغداد" کۆمەڵێک گەنجی ڕوناکبیر بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو هۆشی کوردی کۆمەڵەیەک بەناوی "لاوانی کورد" دادەمەزرێنن "مستەفا سائیب" موعتەمەدیان بوە و "شاکر فەتاح"یش سکرتێر. "پیرباڵ، گەنجە کوردەکان،لاپەڕە٥٣ "

ساڵی (١٩٣١) کۆمەڵی دیدەوانیان دامەزراندوە، "شاکر فەتاح" و سکرتێری ئەو کۆمەڵەیە بوە، ساڵی (١٩٣٢) کاتێک پیرەمێرد "کۆمەڵەی زانستی" دامەزراندو ئەویکردوە بە سکرتێرو مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی سی و دو ساڵی تەمەنی کاری کارگێڕی کردوە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش فەرمانبەر بوە. "ستار، شەریف، ڕۆژنامەی باسەڕە، لایەڕە ٢٣."

لێرەدا ڕایەک هەیە شایانی هەڵوەستەکردنە، بەراورد بەتەمەنی مامۆستا "شاکر فەتاح" ڕای دوەم لە ڕاستییەوە نزیکترە، چونکە بە گوێرەی کتێبەکەی "فەرهاد پیرباڵ" تەمەنی (٩) ساڵ بوە، ئەو لە ساڵی (١٩١٤) لە دایکبوە، ئەگەر هەڵەی چاپ بێت، یان هەر دیدێکیتر ڕای دوەم ڕاسترە.

ساڵی (١٩٢٧) یەکەم بابەتی بە ناوی هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان لە ڕۆژنامەی "ژیان"دا بڵاوکردۆتەوە، تا ساڵی (١٩٨٤) سەدو نۆزدە کتێب و نامیلکەی وەرگێڕاوە، چلو شەش کتێبی داناوەو نوسیوەتەوە، (٢) لە کتێبەکان بە زمانی عەرەبین، هەروەها لە نێوان ساڵانی(١٩٧٥ ـ ١٩٨٠) سەدو دوازدە وتاری لە ڕادیۆی کوردی بەغداد بڵاوکردۆتەوە، ساڵانی (١٩٧٠ـ١٩٨٠)، (٦) وتاری لە تەلەفزیۆنی "کەرکوک" بڵاوکردۆتەوە، ساڵانی (١٩٧١ـ١٩٨٣) لە تەک لێژنەی بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی بەشداری کردوە لە وەرگێڕانی (٥) کتێبی بۆ زمانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

کوردی وەک بەشێک لە بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن بە زمانی کوردی. "ئەحمەد، شاکر فەتاح و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لاپەڕە ١٧- ٢٣"

## بەشی دووەم: لایەنی کارگێڕی ڕۆژنامەی چەمچەماڵ

### ١,٢ ژمارە (١) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچونی (١/ تەموز ١٩٤٦)

سەرەتا بەم شێوەیە دەستپێدەکات: لە دوای داواکردنی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنتان لە خوایی گەورە و بێ هاوتا، بۆ پێگەیاندن و پێشخستنی ئێوە و تێگەیاندتان لە خۆتان و لە جیهان ئەوا ئەم ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ"ە هەفتەی ڕۆژێک دوشەموان بۆ دەردەهێنین و حەفتەی جارێکیش لەلایەن مامۆستاکانی خوێندنگەی شەوییەوە بۆتان دەخوێندرێتەوە. دواتر بە دو ئامۆژگاری گرنگ دەست پێدەکات و بەمشێوەیە لە ڕۆژنامەکەدا یاداشتیکردوە:

لە یەکەم ڕۆژی هاتنمدا بۆ "چەمچەماڵ" واتە لە (٢٨/نیسان/١٩٤٨)دا پێمگوتن: دوبارە ئەم ئامۆژگاریانەتان دەکەمەوە تکایە پەیڕەویبکەن:

١. بۆ کاروباری فەرمانڕەوای تکایە لە فەرمانگەکاندا فەرمانبەر ببینن، نابێ بۆ کاروباری فەرمانڕەوای بچنە ماڵی فەرمانبەرەکان.

٢. کەس مەهێنە سەر فەرمانبەرەکان بۆ تکاکردن، چونکە دەرگای فەرمانڕەوای کراوەیە بۆ هەمو کەس ئیتر پێویست بە مامناوەندی ناکات.

یەکەم هەنگاوی "شاکر فەتاح" بەپەیوەندیکردن لەتەک دەوروبەرەکەیدا دەستپێکردوە کە بەشێکی گرنگی بەڕێوەبردنە، چونکە پەیوەندی کارگێڕی بریتییە لە: کردار، بیرۆکە، زانیاری، بیروبۆچون و ئامۆژگاریە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر، یان لە کەسێکەوە بۆ کۆمەڵێک، بەشێوەیەک تێبیگەن و سودیان پێبگەیەنێت و پێداویستیان پڕبکاتەوە، هەروەها پەیوەندی کارا واتا ناوەڕۆکی پەیوەندییەکە لە نێرەوە بگات بەوەرگر. "محمد، فەرهەنگی کارگێڕی، لاپەڕە ٤٨"

لە پێشەکی وتەکانی جێنوشین و خاڵی یەکەمی ئامۆژگارەیەکەدا دەردەکەوێت ناوبراو بنەمایەکی گرنگی بەڕێوەبردنی جێبەجێکردوە کە بریتییە لە پەیوەندیکردن، چونکە بەشێکی کاری بەڕێوەبەر بریتییە لە پەیوەندیکردن لە تەک دەورو بەریدا، تیورە کارگێڕیکان ئاماژە دەکەن (٧٥%) کاری ڕۆژانەی بەڕێوەبەر پەیوەندیکردنە، ئەویش چەند شێوازێکی هەیە لەوانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نوسراو و بڵاوکراوە یەکێکە لە شێوازەکانی. قائیمقام نەیویستوە تاک و تەنها لە نوسینگەکەی خۆیدا دانیشێت و دوربێت لە دەوروبەرەکەیەوە. لە ئامۆژگاری دوەمدا سیاسەتی دەرگای کراوەی بەکارهێناوە، لە گشت سات و کاتێکدا مەبەست لەم سیاسەتە چاکسازییە لە بواری دەسەڵات و کارگێڕیدا، بەڵام ئەگەر ئەم پلانە جێبەجێنەکرا ئەوا خەڵک بۆ هەمو کارێکی گەورەو بچوک سنگ دەکوتن و ڕو لە دەرباری پادشا دەکەن. "محمد، فەرهەنگی کارگێڕی، لاپەڕە ٤٥"



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

ناوچەكەت بناسە: لە بابەتێكی بیست و دو دێڕیدا "شاكر فەتاح" بەم ناونیشانە مێژوی كارگێڕی قەزاكە، ژمارەی دانیشتوان، ئاین و ئاینزا، گوند، ڕوبارو چیاكانی ناوچەكە بە خوێنەران دەناسێنێت. لێرەدا "شاكر فەتاح" ڕۆڵێكی تری بەڕێوەبەرێكی سەركەوتو پیشاندەدات بریتییە لە ڕۆڵی پێدانی زانیاری، ئەم ڕۆڵە بریتییە گۆڕینەوەی زانیاری و داتا لە سەرچاوە جیاوازەكانەوە، چونكە یەكێك لە ڕۆڵەكانی بەڕێوەبەر بریتییە لە ناردنی زانیاری بۆ لایەنەكانی ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەكە، تەنها بە دەستهێنانی بڕوانامە و شارەزایی پێوەر نین بۆ سەركەوتن، بەڵكو لێهاتوی لە بواری كارگێڕیدا Managerial Competency پێویستە كە پێدانی زانیاری و پەیوەندیكردن بەشێكن لە شارەزایی و لێهاتوی بەڕێوەبەر لە كارەكەیدا. "العامری‌و الغالبی، الإدارە و الأعمال، لاپەڕە ٣٥، ٣٧" بێگومان پێشتر قائیمقام ئەو زانیاریانەی بەدەستهێناوەو كۆیكردونەتەوە لە بوارەكەدا ئەزمون ڕۆشنبیری و خۆپێگەیاندنیش هاوكارییبون.

جۆگەلە پیسەكانی ناو چەمچەماڵ: یەكەم ڕۆژی هاتنم بۆ "چەمچەماڵ" كۆڵانەكانیم پشكنی تەماشام كرد لە گەلێك ماڵەوە جۆگەلە ئاوی پیسایی چڵكاو دێتە دەرەوە، بەناو كۆڵان و شەقامەكاندا تێپەڕدەبێ تا تێكەڵ بەشیوە گەورەكەی ناو دێ دەبێ، لە درێژەی نوسینەكەیدا دەنوسێت: بۆ شیوە گەورەكە جێنوشین داوای پارەی كردوەتەوە كە هەزار دینارە، بەڵام ئەم پارەیە ئەگەر بەشبكات باشە، ئەی بۆ جۆگەلەكان چیبكەین؟

هەمو خاوەن ماڵەكانی "چەمچەماڵ" تەمێبكرێن كە لە ناو خانوەكانیاندا چاڵێكی قوڵ هەڵبكەنن و سەری داپۆشن، تاكە كونێكی بچوكی تیادا بهێڵنەوە هەتا وەكو كەیبانوی ماڵ چی ئاوی پیسە بیكاتە ئەو چاڵە قوڵەوە، ئەمە ڕێوشوێن پیشاندانێكی باشە، لەمە بەو لاوە چارەیەكیتر نییە، لە كۆتایدا دەڵێت: هەتا پازدە ڕۆژی تر هەركەس لە ماڵی خۆیدا ئەو چاڵە قوڵە هەڵبكەنی، جا ئەوا ئاگادارمان كردن لە پانزەی مانگدا ماڵەكان دەپشكنین، هەر كەس بە قسەی نەكردبوین تەمێ خواردوی دەكەین.

لە بواری كارگێڕیدا دو جۆر ڕاپۆرت هەیە، نوسراو و مەیدانی، دوەمیان لە یەكەم بە هێزترە، چونكە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەر تیادا بەشدارە، هەروەسا تیۆرە كارگێڕیكان جەختدەكەنەوە كە بەڕێوەبەر نابێت لە شوێنی كاركردنی دابنیشێت و دور و تەریك لە بەردەستەكانی كاربكات و بڕیار دەربكات، هاوكات تەنها پشت بە ڕاپۆرت ببەستێت، لەوانەیە بە زانیاری ناڕاست دەوروبەری چەواشیبكەن، لە كۆتاییدا ڕاپۆرت جۆرێكە لە پەیوەندی كارگێڕی.

پەیوەندی كارگێڕی ئامرازێكی كۆمەڵاتییە لە ڕێگایەوە و لە دامەزراوەكاندا تێگەیشتن لە نێوان كەس و كۆمەڵەكاندا ڕودەدات، پەیوەندیكردن هۆكارێكە ئامانجەكانی ڕێكخراوەكەی پێ بەدیدەهێنرێت، چونكە زۆرێك لە بەڕێوەبەران گرنگی، ئاڵۆزی، وردەكاری و كارای ئەمكارە لە بەرچاوناگرن، زانایەكی كارگێڕی ئەمكارەی بەمشێوەیە پوختە كردوە: سەرچاوەی هێزە بۆ ئەوانەی خاوەندارێتی دەكەن، هۆكاری لاوازی ئەو كەسانەیە دوری لێدەگرن." نهر و الخطیب، إدارە الإتصال و التواصل، لاپەڕە ٢١٣، ٢١٤"

ئەگەر تەماشای نوسینەكەی قائیمقام بكەین، داواكاریەكانی زۆر بە جوانی‌و وردی گەیاندوە و پەیوەندی كارگێڕی بە وردی جێبەجێكردوە، هاوكات بوارێكی بۆ دەوروبەرەكەی هێشتۆتەوە، "لەم قۆناغەدا هێندەكارمان پێ دەكرێت" و ماوەی پازدە ڕۆژیشی داناوە بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكەی، لێرەدا بنەمای پرسیاری كراوەی بەكارهێناوە، لەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

بوارەدا "تیری جیبە فادم" دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت زیاد لە وەڵامێکت دەستبکەوێت ئەوا پرسیاری کراوە بژاردەیەکی باشە، چونکە زۆربەی کات وەڵامەکانی ئەرێنین. "فاد، سؤال المباشر، لاپەڕە١١١ "

لێرەدا قائیمقام ڕاستەوخۆ بەناوی خەڵکی "چەمچەماڵ"ەوە مەبەستەکەی دەردەبڕێت، هاوکات وەک شارەزایەک بیری ناچێت پاش پازدە ڕۆژی تر چاودێری کارەکەی بکات، چاودێری کۆتا ئامرازی کارگێڕییە لە بواری بەڕێوەبردندا.

کۆتایی ژمارە کە بە چەند هەواڵێکی ناوخۆ دەرەوە، ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی و ژینی تایبەتی دەهێنێت داوا دەکات خەڵک لە ماڵەکانیاندا باخچە، کتێب و ئامێری موزیکیان هەبێ. هەروەها چەندین دەستەواژەی کارگێڕی بەزمانی کوردی داهێناوە و داتاشیوە وەک جێنوشێن، فەرمانگە، پیتاک، کارگێڕ، نوسراوخانە و نوسراو کە لە یەکەم ژمارەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە .

### ٢,٢ ژمارە (٢) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچونی (٨ /تەموز/ ١٩٤٦)

لە دەستپێکی ژمارەی دوهەمدا دەنوسێت: بۆ پێکهێنانی ئەلکتریکی "چەمچەماڵ" بۆ دروستکردنی هەندێ چایخانەو چەند دوکانێک، بۆ دروستکردنی پەرژینێکی بەهێز و هەرەت بۆ باخچەکانی شارەوانی "چەمچەماڵ" بە نامەی تایبەتی داوامان لە چەند دەوڵەمەندێکی گەورەکردبو کە بە خۆیان دۆستەکانیانەوە هەندێ پارەمان بۆ ڕەوانەبکەن.

جێنوشێن، پلەی وەزیفی بەڕێوەبەری یەکەیەکی کارگێڕییە، بەڕێوەبەر بە چەندین ناو گوزارشتی لێدەکرێت وەک سەرکردە، پێشەوای تیم، سەرۆک.

بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە تەک ئەو کەسانەدا کاردەکات کە پێکەوە پەیوەستن، بە مەبەستی باشترین ئەنجام لە گشت و کاروبارێکدا پشتگیری و پاڵپشتی بەر دەستەکانیدەکات. لە دنیای ئەوڕۆدا بەڕێوەبەر هێندە گرنگە دەگوترێت هیچ وەزیفەیەک بۆ پێشخستن و زیندو هێشتنەوەی کۆمەڵگا بە ئەندازەی بەڕێوەبەر کاریگەر نییە، چونکە بەڕێوەبەران سەرچاوەی مرۆیی بەڕێوەدەبەن کە گرنگترین سەرمایەیە لە سەرکەوتن و هەڵکشانی کارو پیشەکانداو ڕێکخراوەکانیش پشتیان پێدەبەستن. "العامریو الغالبی، الإدارە و الأعمال، لاپەڕە ٣١ "

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە دەکات کەسانێک وەک پێویست بە دەنگ داواکاریەکەیانەوە نەهاتون، هاوکات پلەو پایە وەزیفەکەی لەبیرناکات و ئەو کەسانە دەداتە بەر دەمرێژی قسەو ئامۆژگاریان دەکات کە یەکێک لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەر ئامۆژگاری و سەرنجراکێشانی بەردەستانێتی لە پێشخستنی ڕێکخراوەکەیاندا. لێرەوە ئەو ڕاستییە لە کارەکانی قائیمقامی "چەمچەماڵ"دا دەردەکەوێت کە بەڕیوەبردن بریتییە لە تەواوکردنی کار لە ڕێگای کەسانیترەوە. "چیستەر بێرنارد" دەڵی: کارگێڕی ئەو ئیشانەیە بەڕێوەبەر لە کاتی ئیشکردندا تەواویان دەکات. "محەمەد، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، لاپەڕە ١٦"

ناوچەکەت بناسە: دواتر ئەم سەرباسە بە کۆمەڵە زانیاریەک دەکات بە باسێکی تێرو تەواو، لەدرێژەی باسەکەیدا باس لە سەرچاوە سروشتێکانی "چەمچەماڵ" و ناوچەکە دەکات، بۆ نمونە لە ناوچەی "چەمچەماڵ" گەلێک کانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

نایاب و نرخدار هەیە وەک خوێ، نەوت، گۆگرد، خەڵوزی بەرد و گەچ، هاوکات باسی زەوی، ئاو و بەرهە خۆماڵێکانی ناوچەکە دەکات وەک گەنم، نۆک نیسک، پەنیر و ماست. لە کۆتایی بابەتەکەدا دەنوسێت تێکڕایی دانیشتوانی "چەمچەماڵ" هەژارو دەست کورتن. یەکێک لە شارەزایی و لێهاتۆکانی بەڕێوەبەر توانای شیکارو تێگەیشتنە لە ئاریشەکان و هاوکات پێشاندانی چارەسەرە. "العامری و الغالبی، الإدارە و الأعمال، لاپەڕە ٣٧ "

لێرەدا هەنگاوی ڕوپۆشکردنی ستراتیژیەتی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکە پیادەکردوە کە بە "SWOT" ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەم شیکاریە ئامرازێکی بە سودە بۆ پیشاندانی لایەنی بەهێز و لاوازی ڕێکخراوەکە، خاڵێکی بەهێزی ڕێکخراوەکە بریتییە لە سەرچاوەی دارایی پێویست "یاسین، الإدارە الإستراتیجیە، لاپەرە ١٠٥"

هەمیشە خاڵی بەهێزی گشت ڕێکخراوەکان لە ژینگەی ناوخۆیەوە دەستەبەر دەبێت، جێنوشینی "چەمچەماڵ" هەستی بەم لایەنە کردوە، داوا دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی سود لەو سەرچاوانە وەربگیریت، خەڵکی شارەکە خو بدەنە خوێندن و پیشەسازی تا ناوچەکە پێشبکەوێت و دەوڵەمەند بێت.

بە هەمانشێوەی ژمارەی ڕابردو هەواڵی ناوخۆو دەرەوە بڵاوکراوەتەوە، لە هەواڵێکدا دەنوسێت قائیمقام سەرۆکی شارەوانی "چەمچەماڵ"یشە! سەرباری دیالۆگێک کە ئاماژەیەکی پەروەردەیی تیادا باسکراوە، هەروەها چەند دەستەواژەیەکی کارگێڕی و ئابوری بەکارهێناوە و داتاشیوە وەک دەسگای ئابوری، دەسگای سامانی تەرخانکراو و گەسک لێدەرەکانی شارەوانی.

### ٢,٣ ژمارە (٣) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ،ڕۆژی دەرچونی ( ١٥/ تەموز/ ١٩٤٦)

لە ژێر ناونیشانی دەوڵەمەندبون بە دەست خۆمانە بابەتێکی درێژی دارشتوە: کە باس لە کنەو پشکنینی قائیمقام دەکات لە بە سەرکردنەوە بازاڕی ئەوکاتەی شار و دەنوسێت: لە پاش چەند پشکنینێک و ئامۆژگاریکردنێک چایخانە، کەبابخانە و چێشتخانەکانی "چەمچەماڵ" گۆڕان. ئیتر بە ئاشکرا دەرکەوت ڕێبوارو میوانانی ئەو شوێنانە دڵخۆش و دڵنیابون، لە درێژەی گتوبێژو ڕێنمایەکانی لە تەک سەرتاشێکدا دبێژێت: تەنها سەیری باخەڵت ناکەم سەیری دوکانەکەشت دەکەم، کۆتایی نوسینەکەی بەم دێڕە هۆنراوەیە دەهێنێت:

(کردەو کۆششە سەرچاوەی جوانی ڕاستەوخۆ دەتبات بۆ کامەرانی)

لێرەدا جێنوشین پەیڕەوی لە کارێکی گرنگی کارگێری کردوە کە چاودێرییە، چاودێری کارێکی سەرەکی کارگێڕییە، هۆکاری دورکەوتنەوەیە لە هەڵە و لادان، شایەد هەڵە و لادان ڕویاندا لە کاتێکی نزیکدا هەستی پێدەکرێت، چاودێری کارا بەر لە ڕودانی ناتەواوێکان هەستی پێدەکات و دواتر چارەسەریان دەکات، گرنگترین ئامرازەکانی چاودێری بریتییە لە پێوانەو ئەندازەی جێگیر بەراورد بەو کارانەی پلانی بۆ دارێژراوەو بەدەستهاتوە. "محەمەد، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، لاپەڕە ٢٠"

ناوچەکەت بناسە: جارێکیتر قائیمقام دەکەوێتە ناساندنی ناوچەی "چەمچەماڵ" بەڵام ئەمجارەیان لەڕوی کارگێڕییەوە، بۆ نمونە ناوی ئەو فەرمانگانە دەنوسێت کە سنوری بەڕێوەبەرایەتیەکەی قائیمقامدا هەن، وەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

دادگا، فەرمانبەری بنکەی باڵباز. تەنانەت ژمارەی باڵباز "شرطه"ەکانی ناوچەی "چەمچەماڵ"ی نوسیوە کە بە سەدو بیست کەس لە قەڵەمی داوان.

وەک زانست کارگێری پەیوەندی لەگەڵ چەندین زانستی دیکەدا هەیە یەکێکیان ئامارە، پەیوەندی نێوانیان تۆکمە و توندو تۆڵە، چونکە بەڕێوەبەر دەبێت لەو بوارەدا شارەزا بێت و بتوانێت بودجەو کرێ و هاندان دیاریبکات و لە جێگای خۆیاندا لە تەک ئاریشە ئابورێکاندا بەکاریبهێنێت و هەڵبکات، بە دیوێکتردا بتوانێت داتاو زانیارێکان کۆبکاتەوە و کاریان لەسەر بکات.

لە کەرتی گشتییدا چونکە بوارەکە دیاریکراوە، خەرجی وەزرات و فەرمانگەکان حکومەت دابینیان دەکات لێرەدا زیاتر لایەنی خزمەتگوزاری لەکارەکاندا باڵادەستە، بۆیە قائیمقام سەرباری چاودێری کارەکان، ناو و ژمارەی فەرمانگەکانی باسکردوەو وەک زانیاری پیشانی خەڵک داوە، کە بەرچاوڕونیەکی باشە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، بە تایبەت لەو ڕۆژگارەدا کە زۆرینەی خەڵک نەخوێندەواربون. هەروەها لە کۆتایی نوسینەکەدا ناوی ئەو گوندانەی هێناوە کە قوتابخانەیان تیادا نییە، هاوکات هەوڵ و کۆششەکانی نەشاردۆتەوە لەو بوارەدا. هاوتای ژمارەکانی پێشو چەندین دەستەواژەی کارگێری بە زمانی کوردی بەکارهێناوە و داتاشیوە وەک کارگێری دارایی، دادگا، لە دەرەوەهێنراو، سەرژمێر، بەرهەمەکان، فەرمانبەری بنکەی باڵباز، کارگێری لادێ، دەسندە" تموین" و نوسیار.

## ٢,٤ ژمارە (٤) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچونی( ٢٢ / تەموز/ ١٩٤٦)

لەم ژمارەیەدا (٨) بابەت بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە (٨) بابەتیان لەخۆگرتوە لە شێوازو ناوەڕۆکدا هاوشێوەن. لە بەشی هەواڵی "چەمچەماڵ"دا دەنوسێت: یەکێک لە شەکرفرۆشەکانی ناوچەی "چەمچەماڵ" هەندێک فرۆفیڵی لە چایەکەییدا کردبو، جێنوشینی "چەمچەماڵ" بریایدا بچێتەوە "کەرکوک" چایە ناپوختەکە لەلای بازرگانی کۆمەڵە "تاجر الجمله" بگۆڕێتەوە، خۆ ئەگەرهاتو فرۆفیڵی خۆی دەرچو، ئەوا جێنوشین لەسەر ئەوە سزای پێویستی خۆی دەداتێ.

بێگومان ئەو ڕۆژگارە قەزای "چەمچەماڵ" لەڕوی کارگێڕییەوە بەشێک بوە لە پارێزگای "کەرکوک" بەڕێوەبەرێتیەکەی "چەمچەماڵ" بەشێوەی ناوچەیی بەڕێوەبراوە، ئیدارەی محەلی بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتە کارگێڕیکان لە نێوان ناوەندو دەسەڵاتە ناوچەیەکاندا و بەو شێوەیی قانون بڕیاریداوە دەسەڵاتەکان دابەشدەکات "صیرفی، إداره الأعمال الحکومیه، لاپەڕە١٥٧ "

هاوکات قائیمقام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری کارەکە دەکات کە چاودێری و بەدوادچونە، ئەو هەنگاوەش یەکێکە لە سیماکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەری کارا، چونکە لە پەیامەکانی بەڕێوەبەردا ڕکابەری بەردەوامە بەشێوەیەک:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

١. لە گشت چشتێکدا بەڕێوەبەر پێشەوا بێت، هاندەری داهێنان و پاڵپشتی کارمەندان بێت.

٢. لە هەمو بارودۆخێکدا بەڕێوەبەر هاندەربێت بەشێوەیەک ئەو پەرۆشییە دیدگایەک لەبەردەم بەردەستاندا چێیکات کە پەرۆشی و تەواوکردنی کاری لێ بکەوێتەوە.

٣. پێشەوا نمونەیەکی باشبێت بۆ بۆ کارمەند و کرێکاران، بەشێوەیەک شێوازی بەردەوامی خەسڵەتی ئەو نمونانە بێت. "العامریو الغالبی، الإدارە و الأعمال، لاپەرە ٤٥٧"

لەکۆتایی هەواڵەکەدا دەنوسێت: ئەگەر هاتو فرۆفیڵی خۆی دەرچو، ئەوا جێنوشین لەسەر ئەوە سزای پێویستی خۆی دەداتێ. کرۆکی کاری بەڕێوەبردن بریتییە لە دەرکردنی بڕیار، بەڵام بڕیاردەرکردن نابێت بەخێراو لەناکاو بێت، بەڵکو پێویستە گشت ڕەهەندەکانی بڕیار تاوتوێ بکرێتو ئەوسا بیر لە وەها کارێک بکرێتەوە. لە کارگێڕیدا چەندین جۆری بڕیار هەیە لەوانە بڕیاری دروست "ژیرانە" ئەو بڕیارەیە لە دەرکردن و جێبەجێکردنییدا هەمو پێداویستییە بنەڕەتی و زانستێکان جێبەجێکراوە، بۆ ئەوەی ناتەواوێکانی کەمتربێت و ئەنجامی باشتر بەدەستەوە بدات، هاوکات ئەو ئامانجانە بەدیبهێنێت ڕێکخراوەکەو کارمەندان کۆششی بۆ دەکەن. "المعایطە، قاموس المصطلحات الإداریە، لاپەرە ٢٤٤"

کاتێک لە هەواڵەکە وردەبینەوە دەبینین جێنوشینی "چەمچەماڵ" زیاد لە بنەمایەکی کارگێری لەکارەکەیدا جێبەجێکردوە، چاودێری و بەدواداچون، پەیوەندیکردن بەبەرپرسانی باڵاوە شێوازێکی پەیوەندی و گەیاندنی داواکاری یان پەیامی ڕێکخراوەکەیە، لە کۆتایدا دەرکردنی بڕیار، بەڵام قائیمقام چاوەڕێی ئەنجامی بە دواداچونەکەیە و دەنوسێت: ئەوا جێنوشین لەسەر ئەوە سزای پێویستی خۆی دەدات. چونکە دەرکردنی بڕیار هاوشێوەی فەتوای قازی و مەلا بەباش و خراپ کاریگەری لەسەر کەسانی تر بەجێدەهێڵێت، بۆیە پێویستە بڕیار لۆژیکیانە بێت. لەم ژمارەیەدا (٣) دەستەواژەی کارگێری داتاشیوەو بەکارهێناوە وەک بازرگانی کۆمەڵە "تاجر الجملە"، هاوبەشی بازرگانی و ڕێبەری کشتوکاڵی.

## ٢,٥ ژمارە (٥) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچونی (٢٩/ تەموز /١٩٤٦)

لەژێر ناونیشانی بۆ ئاگاداری دەنوسێت: بۆ خوێندەوارەکانمان، تکایە هەر خوێندەوارێک لەباریدا هەیە وتاری بەکەڵکمان بۆ بنێرێت، بینێرێت ئێمە بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە.

لە کۆی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا ئەوە یەکەم بابەتی ڕیکلامە بڵاوکراوەتەوە، بانگەشە هۆکارێکی گرنگ و سەرکەوتوە بۆ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و تاک لەبەرانبەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزاریەکی دیاریکراودا. "حسین، الإعلان التجاری المفاهیم والأهداف، لاپەرە ١٣ "

ڕیکلام ئامانجی گەیاندنی بیرۆکەیەک یان ڕایەکە بەخێرایی دەربارەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەک بەهیوای دانانی کاریگەری لەسەر خەڵک لە ئێستاو داهاتودا بەخاتری ئەو هۆکارە کار لەسەر بنەمای باوەڕپێکردن دەکات. "حسین، الإعلان التجاری المفاهیم والأهداف، لاپەرە ٢٦"



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

بەگشتی ڕیکلام دو جۆرە فەرمی و بازرگانی، بانگەشەی فەرمی ئامانجی قازانج یان کاریگەری نییە لەسەر خەڵک، ئامانجی گەیاندنی زانیاری گشتییە، ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە بێت، بێ بەرانبەرە، یاخود بەراورد بە ڕیکلامی بازرگانی تێچونی کەمترە. "حسين، الإعلان التجاری المفاهيم والأهداف، لاپەرە ٢٩و٢٨ "

لە ئێستادا ڕیکلام زانست و هونەرە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن نوسراو، بیستراو بینراو پانتایەکی زۆری کارو چالاکییەکانیان لەو بوارەدا خەرجدەکەن و داهاتی مزەیان لێدەست دەکەوێت. هاوکات زانست و تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی کاریگەر کاریگەریان لەڕوی نەخشەکێشان، نوسین و قەبارەوە بەسەر ڕیکلامەوە جێهێشتوە. بەڵام ڕیکلامەکەی "شاکر فەتاح" لەرۆژنامەی "چەمچەماڵ" لە هەواڵ و داواکارییەک زیاتر نییە، دورە لە گشت ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە ڕیکلامدا هەن و پێویستن، پێشتر لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا ڕیکلام بۆ زۆر بابەت کراوە، بەڵام هەواڵەکە بۆ ناوچەکەو ڕۆژنامەکە کارێکی بە سودە، چونکی زۆربەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە جێنوشین بۆ خۆیی یادداشتی کردون.

لە بەشێکی تری ئەم ژمارەیەدا باس لە قەدەغەکردنی کوتانی تەپڵ، زوڕنا، تەنەکە و دەف دەکات لە کاتی شکاندنی ڕۆژو لە مانگی ڕەمەزاندا، هاوکات کارەکە قەدەغەدەکات و جێگرەوەی بۆ دیاری دەکات کە بانگدەری مزگەوت لە بانگی شێوان و پارشێودا بە دەنگێکی خۆش و بڵند بۆ چەند تاوێک بەهۆنراوەی ئاینی و پاڕانەوەی چاکەخوازی لەخودا دەنگ بڵندبکاتەوە.

بەڕێوەبەرەکان هەرکات لە بوارە جیاوازەکانی بەڕێوەبردندا هەلێکی گونجاویان بینیەوە، بەهیوای چارەسەری ئاریشەکان بڕیاردەردەکەن، بەمشێوەیە بەڕێوەبەرەکان هەمیشە کۆشش دەکەن بۆ پێشخستنی بارودۆخی ڕێکخراوەکە. "محەمەد، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، لاپەڕە ٤٥"

لێرەدا "قائیمقام" سودی لە ئەزمون و دەسەڵات وەرگرتوە، هاوکات بە پێشنیارێکی جوان بنەمایەکی بەرزی کارگێڕی پیادەکردوە لە چارەسەری ئالەنگارێکاندا دیاریکردنی باشترین جێگرەوەو بژاردەیە، وەک ژمارەکانی دیکە کۆی بابەتەکانی بەکوردیەکی پاراو نوسیوەتەوەو داڕشتوە، (٢) دەستەواژەی کارگێڕە بەکارهێناوە ئەوانیش کەڵکی گشتی و بەرتیلە.

### ٢,٦ ژمارە (٦) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچون (٥/ئاب/١٩٤٦)

لەوتارێکدا بەناوی دەستگای دەسندە" تموین" کە لە بیست دێڕ پێکهاتوە، قائیمقام دەنوسێت: لە "عێراق" و بە تایبەتی لە "کوردستان"دا هەمو شتێک بە پێچەوانەی خاکەکانی ترەوە دێتە دی، لە خاکەکانی تردا بە بۆنەوەی شەڕی جیهانییەوە، دەستگای دەسندە" تموین" دامەزرێنرا، نەتەوەکان کەوتنە خۆشی و ئاسودەییەوە، هەرکەس بەشی خۆی خواردەمەنی و کەلوپەلی بەردەکەوت، لە خاکی ئێمەدا بەپێچەوانەوە، چەند کەسێک بەسەر پەڕەی شت وەرگرتن و دەفتەری سەرژمێر دەرهێنانی هەڵبەستراو کۆڵێک دەوڵەمەندبون، هەزاران بێکەس و هەژارانیش بێ بەش مانەوە بەهۆی دەسندەوە، بڕواناکەم داخەکەم تا چەند ساڵێکی تریش درۆ و فڕوفێڵ و زۆرداریتی لە ناوماندا جێگای خۆیان بگرنەوە، هۆکاریش لەسەرەتای کاردا دەستگای دەسندە درایە دەست پیاوی شپرزە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

نەشارەزا و بەدخو، ئیتر لەوەدوایش کار لە کار ترزا بە هیچ هەوڵ و کۆششێک نەخرایەوە سەرباری باری چاکی و بەکەڵکی. لەکۆتایی وتارەکەدا دەنوسێت: ئەوا من ئەمانەم خستە بەرچاوتان، لەجیاتی ئەمەی چەند کەسێک کەڵک لە سامانەکەتان وەربگرێت، بام ناوچەکە بەگشتی سودی لێ ببینێت.

گەندەڵی ئیداری بەردەوام لەسەرەتای بونی شارستانێکانەوە هەبوە، بەرۆکی وڵاتانی گرتوە، حکومەتەکان و دەوڵەتان لەسەدەکانی پێشوەوە لەگەڵ کێشەی خراپ کەڵک وەرگرتنی فەرمانبەران لەپۆستەکانیان ڕوبەڕوبونەتەوە، تاوان گەلێک وەک دزی ساختەکاری تاوانی نوێ نین و بە ئەندازەی دەوتەڵەکان ڕابردویان هەیە. لە هەر حاڵێکدا گەندەڵی دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی سیاسەتەکانی دەوڵەت و دژی بەرژەوەندی زۆرینەیە، هۆکاری بەفیڕۆدانی بەرژەوەندی نیشتمانی و کەمبونەوەی کاریگەری دەوڵەتەکانە لە کاروباری خەڵکدا، لەئاکامدا دڵنیایی خەڵک بەرانبەر بەدەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتێکان بەرزدەکاتەوە.

بەگوێرەی پێناسەی "بانکی جیهانی و شەفافیەتی ناو دەوڵەتی" گەندەڵی کارگێڕی بریتییە لە: خراپ کەڵک وەرگرتن لەبەرپرسیارێتی دەوڵەتی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی تاکە کەسی"کەڵکی تایبەتی. "میهرەوەر، گەندەڵی ئیداری، لاپەڕە ٥ تا ٨"

لە هۆکارەکانی گەندەڵی:

١. نەبونی شەفافیەت.

٢. کەمکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی تاکەکان، دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکان.

٣. ڕێزنەگرتنی قانون.

٤. بەفیڕۆدانی هەوڵەکانی دەوڵەت لەپێناو کەمکردنەوەی هەژاری و هەلاواردندا. و چەندین هۆکاری دیکە. "میهرەوەر، گەندەڵی ئیداری، لاپەڕە٩ "

میکانیزمی سیستمی کارگێڕی یەکێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی لە وڵاتانی تازەگەشەسەندودا، هاووڵاتی ناچاردەکات لە بەرانبەر ڕایکردنی کارەکانیاندا بەدەمچەورکردن و بەرتیل فەرمانبەران و کارمەندانی دەوڵەت ناچاربکەن ئیشەکانیان تەواوبکات.

ئاشکرایە لەسەر داروپەردوی میراتی پیاوە نەخۆشەکە "دەوڵەتی عوسمانی" دەوڵەتی "عێراق" لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا پێکهێنرا، لەدەورانی عوسمانیدا فەرمانبەران لەکات و وادەی دیاریکراودا موچەیان وەرنەگرتوە، "عەلی وەردی" لە نوسینەکانیدا لەمەڕ کۆمەڵگای عێراقی دەنوسێت: دوای کەوتنی بەغداد لەلایەن "جەنگیزخان" و دەسەڵاتی "عەباسێکان" و تەخت و بەختیان تارومارکرا، دواتر بۆ ماوەی (٦) سەدە حکومەتی بەهێز لە "عێراق"دا سەری هەڵنەداوە، ئەو دەوڵەتانەشی لەو ماوەیەدا فەرمانڕەوابون زیاتر هەوڵیان کۆکردنەوەی باج و سەپاندنی دەسەڵات بوە، بۆیە لەو نێوەندەدا گەلێک بەهای خێڵ و زۆر ڕەفتاری ناشارستانی لەوڵاتدا بوژانەوە، هەڵپەی خۆدەوڵەمەندکردن و بەرژەوەندی تاکەکەسی یەکێک بو لە دیاردەکان، بە تێپەڕبون ڕۆژگار ئاسەوارەکەی هەرماوە. پشت بەستن بە دەستگای دەسندە " تموین" لەلایەن هاووڵاتیان حکومەتەوە نیشانەی هەژاری کەم داهاتی خەڵکە، دەسندە دیاردەکە زیاتر لە نیو سەدەیە لە وڵاتێکی وەک "عێراق"دا پەیڕەودەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

جێنوشین لە تەک وەها بارودۆخێک و ڕۆشنبیریەکدا یەکانگیربوە کە میراتێکی گەورەی لە پشتەوە بوە، ئەگەر بەکردەوەش چارەسەری کێشەکەی نەکردبێت ئەوا بەشێوەیەکی تیۆری بابەتەکەی شرۆڤەکردوە، بۆچونەکانی هاوتایە لە تەک قوتابخانەی بیرۆکراسیدا یەکانگیردەبنەوە کە بریتین لە:

١. دابەشکردنی کار.

٢. هەبونی بنەما و ڕێنمایەکانی ئیشکردن بەوردی.

٣. دورخستنەوەی ئیعتوباراتی شەخسی و لایەنی سۆزداری. و چەندین بنەمای دیکە. "محمد، کارگێڕی کار، لاپەڕە ٣٠"

لە کۆتایی وتارەکەدا دەنوسێت: ئەوا من ئەمانەم خستە بەرچاوتان، لێرەدا وەک بەرپرسێکی خەمخۆر پێدانی زانیاری و بەرچاوڕونی بەئەرکی سەرشانی دەزانێت، ئەوکارەش بەشێکە لە شەفافیەت لەبەڕێوەبردندا.

لە بابەتی هەواڵی "چەمچەماڵ"دا جێنوشین دەنوسێت: لەم ڕۆژەوە هەمو دەم سەرۆکی شارەوانی "چەمچەماڵ" "جێنوشین" دێتە ناو کۆلانەکانەوە و دەیانپشکێنێ، هەر کەسێک بەر ماڵی پاکنەبو دەینێرێتە بەردەم دادگا سزای خۆیی بدرێتێ، بە پێویستمانزانی باژێڕی "چەمچەماڵ" ئاگاداربکەین، لە کۆتاییدا دەنوسێت هیواداڕین خۆیان توشی سزانەکەن.

لێرەدا لەبەردەم دیاردەیەک ڕوبەڕودەبینەوە کە جێنوشین وەک نوسین (٢) جار لە ڕۆژنامەکەدا ئاماژەی بۆ کردوە. لە ڕۆژگاری عوسمانێکاندا بۆ یەکەمجار قانونی ولایات و بەلەدیات دیاریکرا، لەتەک ئاوابونی دەسەڵاتی عوسمانێکاندا ئەو قانونەش لەکارکەوت، ساڵی (١٩١٧) بەریتانێکان دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر سیستمێکی کارگێڕیان دامەزراند بەشێوەیەک سیاسێکان دەسەڵاتداربن و لەپشت پەردەوە "ئینگلیزەکان" هاوکاریانبن. دوای دروستکردنی دەوڵەتی "عێراق" وڵاتیان بۆ (١٠ )یەکەی کارگێڕی لەژێر ناوی لیوادا دابەشکرد، هەروەها وڵاتیان دابەشکرد بەسەر سی و پێنج قەزا و ناحیە "گونددا. "عبد مزروک، النظام القانونی للمجالس البلدیە دراسە مقارنە بین العراق والاردن، لاپەڕە ٢٣"

قەزای "چەمچەماڵ" یەکێک بوە لەو قەزایانە، ئەو ڕۆژگارە جێنوشین ڕۆڵی سەرەک شارەوانیشی بینیوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم قانونە کاری پێناکرێت. چونکە قەبارەی دامودەزگاکانی دەوڵەت قەبەترو فراوانترن، هاوکات کارکردنیش تیایاندا ئاڵۆزو پێکداچوە، پێویستی بە پسپۆری ورد و تایبەتمەندە. جێنوشین یەکێک لە بنەماکانی دیکەی کارگێڕی لەم بوارەدا پیادەکردوە بریتییە لە ئاگادارکردنەوە، هاوکات وەک ڕابەر و بەڕێوەبەرێک هەمیشە پشتی بەکاری مەیدانی بەستوە و ڕاستەوخۆ تێکەڵ بەبارودۆخ و ڕوداوەکان بوە، کارگەلێکن و تیۆرەکانی کارگێڕی هەمیشە پاتی دەکەنەوە و پێداگری لەسەر دەکەن. هەروەها یەکێک لە ڕەفتارەکانی ڕابەر بریتییە لە گرنگیدان بەخەڵک کە لە کۆمەڵێک ڕەفتاردا بەرجەستە دەبێت بریتین لە:

١. بە ڕاستی گرنگیدان بە پێداویستی خەڵک.

٢. بە ڕاستی گرنگیدان بە باشترکردنی گوزەرانیان.

٣. بەشێوەیەک مامەڵە بکات وەک کەسێکی بەردەستانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

٤. گرنگیدان بە ژیانی خێزانیان.

٥. باوەڕپێکردن و ڕاڤەکردن لەکاتی هەر کێشەو ئالەنگاریەکدا. "سویدان، باشراحیل، صناعه القائد، لاپەڕە ١١٨"

لەم ژمارەیەدا چەند دەستەواژەیەکی جوانی کارگێڕی بەکارهێناوە وەک باژێر، هاوبەشی "شرکە" نەوتی ئابادان، گۆترە" تخمین" و دەسگای تەندروستی.

## ٢,٧ ژمارە (٧) ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژی دەرچون (١٢/ئاب/ ١٩٤٦)

بەشێک لە باسەکانی ئەم ژمارەیە بۆ ماڵئاوایی کردنە لە جێنوشین، دەستپێکی ژمارەکە نوسینێکی مامۆستا "نەجات عومەر"ە بەناونیشانی "خودات لەگەڵ بێ" بەگشتی پەسنی قائیمقام وکارەکانی دەکات، غەمبارە بۆ دورکەوتنەوەی لە شارەکەیان، هەروەها دو بابەتی دیکە بەناونیشانی ڕوناکی ناوچەکەمان، بەدبەختی ڕۆژنامەکەمان بڵاوکراوەتەوە، جێگای سەرنجە لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکە ناوی دەستەی نوسەران نەهاتوە، بەڵام لەکۆتا ژمارەدا باسێک بە ناوی دەستەی نوسەرانەوە بڵاوکراوەتەوە!؟

کۆتا بابەتیش بە ناونیشانی "جوێ بونەوە" قائیمقام نوسیوێتی و دەڵێت: خەڵکە باشەکەی "چەمچەماڵ"ی خۆشەویست خودا وەهای ویست لێتان بپچڕێم و جیاببمەوە، لە درێژەی نوسینەکەدا دەڵێت: تا ماوم خۆشەویستی و نەژادی و یارمەتیتانم بیرناچێتەوە، لە کۆتایی نوسینەکەیدا دەڵێت: لەکانی دڵمەوە سوپاسی نەژادی و جوامێری و پیاوەتی هەمو لایەکتان دەکەم، هەروەها داوا دەکات یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە یارمەتی ڕۆژنامەکەیان داوە. لەم وتارەدا "شاکر فەتاح" وەک بەڕێوەبەرێک توانای کۆمەڵایەتی خۆیی پیشانداوە کە یەکێکە لە پێداویستێکانی سەرکردەوە و کارگێڕی، چونکە بەڕێوبەر لەتەواوکردنی کارەکانیدا پێویستی بەچەندین لێهاتوی وەک هونەری، کۆمەڵایەتی زانستی و ...هتد.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

## دەرئەنجام:

١. ڕۆژنامەی چەمچەماڵ دوای هەردو ڕۆژنامەی "خورماڵ" ساڵی (١٩٤٠) و ڕۆژنامەی "باسەڕە" ساڵی (١٩٤٢) بەر لە ڕۆژنامەی "ئاکرێ" (١٩٥١) دەرچوە.

٢. کۆی ڕۆژنامەکان بەدەست و بەزمانی کوردی نوسراوەتەوە، تەنها ڕۆژنامەی "ئاکرێ" بە زمانی عەرەبی، چونکە ڕۆشنبیری خەڵک لەو دەڤەرە عەرەبی بوە، دەشێ ئەوکات نوسین بە پیتی عارەبیو بەشێوەزاری بادینان شەقڵی نەگرتبێت، چون دوای دروستبونی دەوڵەتی عێراق شێوەزاری سۆرانی وەک زمانی فەرمی لەوڵاتدا ناسێنرا، هەروەسا ئەدەبی کرمانجی باشور ئەگەرچی بەر لە شێوەی زاری سۆرانی دەستیپێکردوە و دەرکەوتوە، بەڵام نەیتوانیوە بەردەوامی بەخۆیی بدات، لە شێوەزاری سۆرانیدا پێچەوانەکەی دەبینرێت.

٣. کۆی بابەتی ڕۆژنامەکان لەڕوی ژمارەوە نزیکن لە یەکتریەوە (٨) بابەت بۆ هەر ژمارەیەک، بابەتەکانی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بە هەمانشێوە هاوتای یەکترن، وەک باسکردنی سروشتی ناوچەکە، ئیل و عەشرەت، گەورە پیاوان و سەرچاوە سروشتێکانی ناوچەکە، دیارە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوە لە ڕابردوی ناوچەکەیان. سەرباری چەندین نوسینی تەنز ئامیز، کە ڕەخنە بوە لە بارودۆخی ئەو سەردەمە.

٤. هیچکام لە ڕۆژنامەکانی وەک ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری نەناساندوە، بەڵام چەندین هەواڵی ڕامیاری ناوخۆیی، هەرێمی و جیهانی تیادا بڵاو کراوەتەوە.

٥. کۆی ژمارەکانی ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ" و دو ڕۆژنامەکەی تریش بە زمانێکی کوردی ڕەوان نوسراونەتەوە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی چەمچەماڵدا چەندین دەستەواژەی کارگێڕی داتاشیوەو بەکارهێناوە.

٦. دوای دو مانگ و دو ڕۆژ لە دەست بەکاربونی وەک قائمقام "شاکر فەتاح" ڕۆژنامەی "چەمچەماڵ"ی دەرهێناوەو بڵاوکردۆتەوە، دواتر تا ساڵی (١٩٩١) هیچ ڕۆژنامەیەک لەو شارەدا بڵاونەکراوەتەوە، هەندێک دەڵێن: لە سەرەتای شەستەکاندا بڵاوکراوەیەک بە ناوی "بێ ئیش" بڵاوکراوەتەوە و دەستنوس بوە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی لە بەردەستدا نییە.

٧. بیست و هەشت دەستەواژەیەکی کارگێڕی و ئابوری لە ڕۆژنامەکدا بەکارهێناوە و داتاشیوە کە تاوەکو ئەمڕۆش بەشێکیان بەکاردەهێنرێن و کەڵکیان لێوەردەگیرێت، بەوکارەش مەولۆیەکی خستۆتە سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندیکردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

# The Administrative Side of the Chamchamal Newspaper

**Wahab Hasib Mohammed**
Business Administration Department, Faculty of Business Administration and Natural Resources, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

In the year 1922, Chamchamal was turn from a village to the district, and it was affiliated with the Kirkuk governorate until the year (1947), and no newspaper was issued during that period. The Chamchamal newspaper was the first newspaper to be issued in the history of this district. The first issue was issued two months after the initiation of the mayor of "Shaker Fattah" on July 1, 1946, and the last issue was issued on August 12, 1946. In this sense, Chamchamal newspaper was a weekly newspaper, and until the year (1991) no newspaper was issued, a total number of “Shaker Fattah” newspaper (7), after which it was hung in the city park and read to the city’s residents, but it has a significant impact on the cultural and artistic movement of the city, serving as spiritual landmarks for many works of art, the cultural movement and the fun band for four decades, from here can.

**Keywords:** Chamchamal, Handwritten Newspaper, Management and Cultural Movement.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7**

## سەرچاوەکان:

أبوذر شاكر عبد مرزوك، النظم القانونى لإداره المجالس البلديه دراسه مقارنه بين العراق والاردن، رساله ماجستير، جامعه الشرق الأوسط كليه الحقوق، قسم القانون العام، سالى ٢٠١٣

أميل بوافان، تأريخ الصحافه، ترجمه محمد أسماعيل ٢٠١٨

توفيق وهبي بك، الأثار كاملة، جزء الأول،، بنكەی ژين، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ .

تيرى جيبه، فن السؤال، مكتبه جرير چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١١.

سعد غالب ياسين، الإداره الإستراتيجيه، دار يازورى عمان، چاپی یەکەم ٢٠٠٢.

صالح مهدى العامرى وطاهر محسن الغالبى، الإداره و الأعمال، خانەی وائل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دوەم، عمان ساڵی ٢٠٠٨.

طارق حمد سويدان، فيصل حمد باشراحيل، صناعه القائد، چاپی حەوتەم ساڵی ٢٠١١.

محمد ديب صالح، إدارة الأعمال والتنمية الذاتية، مركز شرق الأوسط الثقافي، بلا سنة طبع

محمد الصيرفى، إداره الأعمال الحكوميه، مؤسسة حورس چاپی یەکەم ٢٠١٢.

محمد عبد حسين، الإعلان التجارى المفاهيم والأهداف، دار الرايه چاپی یەکەم ٢٠١٥.

ناصر المعايطه، قاموس المصطلحات الإداريه، مؤسسة بلسم ٢٠٠٤ الإردن.

هادى نهر، أحمد محمد الخطيب، إداره الإتصال و التواصل، چاپی یەکەم أردن ساڵی ٢٠٠٩..

ئەسعەد جەباری، سەرەتایەک بۆ مێژوی ئامێری چاپ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی کەرکوک چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

بەختیار شەریف، هۆگر ستار، ڕۆژنامەی باسەرە،، ناوەندی کوردستان بۆ دۆکۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٩.

زە نون پیریادی، چەمچەماڵ لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٠.

سەروەر ئەحمەد کەریم، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشور تا هەرێم، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتیهەرێم چاپی یەکەم ٢٠٠٣ساڵی.

شاکر فەتاح چرای ڕۆژنامەگەری چەمچەماڵ، وتار و لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێک نوسەر، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ، چاپی یەکەم ٢٠١٣ .

شاکر فەتاح، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەر- چەچەماڵ، چاپی دوەم، ساڵی٢٠١٢.

فەرهاد پیرباڵ، گەنجە کوردەکان یەکەمین پرۆژەی مەعریفی کورد لە مێژودا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧.

فەرهاد عبدالعزیز، شاری چەمچەماڵ بە دۆکۆمێنتکردنی مێژویەکی تۆمارنەکراو (١٨٥١- ١٩٩١) ناوەندی ڕێنوێن، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٩.

محمد صابر محمد، بیرەوەریێکانی ژیانم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم ساڵی ٢١٠٩


مێهدی مێهرپەروەر، گەندەڵی ئیداری، دەزگای ئاراس چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١١ .



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7

مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.
نوری عبداللە صالح، بیرەوەرێکانم لە نێوان بینین وبیستندا، بنکەی ژین، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩.
نوری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانونی کوردی، عەرەبی، فەرەنسی، ئینگلیزی، چاپی دوەم ساڵی ٢٠٠٦
وەهاب حەسیب محەمەد، فەرهەنگی کارگێڕی، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم ساڵی٢٠١٥.
وەهاب حەسیب محەمەد، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، چاپی دوەم ٢٠١٤

**پاشکۆ**



ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ژمارە (٧)، سەرچاوە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ چاپی دوەم


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper7